# باج

پەیمانگای تەکنیکی سۆران
بەشی ژمێریاری
قۆناغی یەکەم

بەسەپەرشتی:
**ئامینە ئەیوب**

# ناوەرۆك

- پیناسەی باج
- خەسلەتەکانی یاج
- بنەماو رێساکانی سەپاندنی باج
- ئامانجەکانی باج
- هونەری رێکخستنی باج
- بیردۆزەکانی پەیمان بەستن
- خەملاندنی باج

# باج

باج: بریتیە لەو برە نەختینەیەی کە دەولەت بە شێوەیەکی ناچاری دەیسەپێنێ بەسەر کەسەکان جا چ کەسی سروشتی بن یاخود مەعنەوی بێ بەرامبەر و بەشێوەیەکی کۆتایی، لە پێناو دابینکردنی خەرجیە گشتیەکان و دەستەبەرکردنی ئامانجی ئابووری وکۆمەلایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی کۆمەل

# خەسلەتەکانی باج

1. **برێکی نەختێنەیی**:باج برێکی دارایە بە شێوەیەکی نەختی دەولەت داوای دەکات لە تاکەکانی کۆمەل .
2. **سەپنراوی ناچاری**:مەبەستمان لەم خالە ئەوەیەکە دەبێت ئەو شوێنەی باجی بەسەردا سەپێنراوە پێویستە باجەکە بدات گەر باج نەدات دەولەت رێگای یاسایی دەگرێتەبەر بەرامبەری .

**3.باج بە بێ بەرامبەر**: کەسی راسپێردراو بە دانانی باج سودێکی راستەوخۆی نابێت بەرامبەر بەبری ئەو باجەی کە دەیدات بە دەولەت .

**4.باج بەشێوەیەکی کۆتایی دەدرێت**:باج بەشێوەیەکی کۆتایی دەدرێت بێ گەرانەوە .

**5.باج سەپێنراوی گشتیە**:باج بەسەر هەموو کەسێکدا دەسەپێنرێت، جا چ کەسی سروشتی بێت یاخود مەعنەوی ئەمەش بەپێی هەرێمەکە یان ولاتەکە یان رێچکەی سیاسیەکەی.

# بنەماو رێساکانی سەپاندنی باج

1. دادپەروەری
2. روونی
3. گونجاوی
4. دەست پێوەگرتن
5. ئاسانی
6. نەرمی

# ئامانجەکانی باج

**1.ئامانجی دارایی:**ئامانجی باج بریتیە لە دابینکردنی خەرجیە گشتیەکانی دەولەت،بیرمەندانی دارایی کلاسیك داوایان کرد دەست بە خەرجیە گشتیەکان بگیرێت لە پێناو سوك کردنی بارگرانیە گشتیەکان،بەلام بیرمەندانی نوێ داوای ئەوە دەکەن کە تێچونی وەرگرتن و کۆکردنەوەی باج دەبێت بە کەمترین تێچون بێت تاکو زۆرترین دەستهاتی باج بچێتە خەزێنەی دەولەت

2.**ئامانجی ئابووری**: باج هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی چەند ئامانجێکی ئابووری وەك پسپۆری، دابەشکردن، هاوسەنگی، گەشەی ئابووری، ئەمەش لە رێگایی کاریگەری باج لەسەر دەسهات و پاشەکەوت و وەبەرهێنان و بەرهەم.

3. **دەستەبەرکردنی ئامانجی کۆمەلایەتی**:دەتوانرێت باج بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە کۆمەلایەتیەکان بەکاربهێنرێت،وەك دوبارە دابەشکردنەوەیدەسهات و سامان بەچارەسەرکردنی و سنوردانان بۆ کۆکردنەوەی سامان لەدەست چەند کەسێکی کەم لە کۆمەل، چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبون وپەرەپێدانی لادێ ودژایەتی کردنی چەند دیاردەیەکی ناشایستە.

# بیردۆزەکانی پەیمان بەستن

1.هەندێك دەلێن کە باج دەر سود دەبینێت لە خزمەت گوزاریە گشتیەکان کەدەولەت پێشکەشی دەکات وە دەولەتیش پابەندە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سودمەند، کەواتە پەیمانێکی دارایە.

2.هەندێکی تروەکو(ئادەم وسمیپ) وایان دادەنا کە پەیمانێکی فرۆشتنە

3.هەندێکی تر دەلێن پەیمانێکی بە کرێ دانە.

4.هەندێك دەلێن هاوبەشبونە.

5.کەسانێکی تر وایان دادەنا کەشت بەشت گۆرینەوە هەیە لە نێوان دارایی باجدەرەکان وسودی خزمەتگوزاری دەولەت.

6:هەندێکی تر دەلێن دلنیابونە.

# هونەری ڕێکخستنی باج

نرخی باج گرنگی تایبەتی هەیە،چونکە دەبێتە هۆی دووبارە دابەشکردنەوەی دەسهات و سامان و دەستەبەرکردنی هاوسەنگی و گەشەی ئابووری و ڕەنگ دانەوەی لە ئاستی خۆش گوزەرانی گۆمەڵگا.

# نرخ و شێوەکانی باج

نرخی باج یان تێکرایی باج: بریتیە لە رێژەی باج بۆ ئەو مادەیەی کە باجەکە لەسەر دانراوە واتا ئەگەر باج T بردرا لە دەست هات y کەواتە تێکرایی باجی دەستهات بریتیە لە Y/T

# قۆناغە مێژوویەکانی دیاری کردنی باج

1. **باجی دابەشکراو**:بە پێی ئەم رێگایە بری داهاتی باجی چاوەروانکراو لە پێشدا دیاری دەکرێت پاشان ئەم برە بەشێوەیەکی جوگرافی دابەشدەکرێت بە پێی ناوچەکان و هەرێمەکان و پارێزگاکان.

2.باجی پێوانایی: بەپێی ئەم رێگایە لەێشدا نرخ دیاری دەکرێت بەلام داهاتی باج نازانرێت تەنها پاش کۆکردنەوەی نەبێت جۆرێك لە نەرمی تێدایە کە دەولەت دەتوانێت کەم و زیادی بکات لەکاتی گۆرانی بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی.

# خەملاندنی باج

دیاری کردنی ئەو مادەیەی کە باجی بەسەردا دەسەپێنرێت و هەڵسەنگاندنی پێکهاتەکانی ئەو مادەیە وخەملاندنی گوژمەی باجەکەی بە یەکێك لە لایەنە هونەریەکانی باج دادەنرێت.

1.رێگای روخساری دەرەکی

2.خەملاندنی رەمەکی

3.خەملاندن بە راپۆرتی ئەو کەسانەی باج نادەن

4.خەملاندن بە پشت بەستن بە راپۆرتی باج دەر

# سەرچاوەکان


- رزگارکەریم،بەشی یەکەم و دووەم،چاپخانەی سیما،سلێمانی 2005
- فیصل دەباغ،تیشکۆدیای ئابوری،دەزگای موکریانی،هەولێر 2004
- نەژاد عبدالقادر،فەرهەنگی ئابووری،دەزگای چاپوپەخشی سەردەم،سلێمانی 2003
- www.islamonline.com
- www.fao.org
- www.cpa.iraq